


# دەستنووسنامە

ڕزگار جەباری



زۆرجار هۆکارەکانی دواکەوتنی نەتەوەی کورد لە دەستکردن بە نووسین و تۆمارکردن خراونەتە بەرباس و دیاری کراون، کە بەگشتی بریتی بوونە لە شێوازی ژیان و پەلاماری دوژمنان و دابڕان لە شارستانیەتیی پێشووی خۆی و ناکۆکیی نێوخۆیی. لە دوای دەستکردن بە پرۆسەکەش، هەرچەندە نووسین بە زمانی دایک نەبووە و زیاتر لە ژێر هەژموونی ئایینی و سیاسیدا زمانی بێگانەی بە سەردا سەپێنراوە، جارێکی دیکە بە هەمان هۆکارگەلی پێشوو، ژمارەیەک لە بەرهەمەکان فەوتاون.

ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپا ئەگەرچی لەبەر چاوی ڕەشی ئێمە نەبووە، لە سەدەکانی ڕابوردوودا پێش ئێمە درکیان بە گرنگیی بابەتەکە کردووە و خۆشبەختانە ژمارەیەک دەستنووس و دەقی کوردییان کۆکردووەتەوە و لە وڵاتانی خۆیاندا پاراستوویانن. لە سەرەتای سەدەی بیستەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لەلای کورد، بە شێوەیەکی بەربڵاو نووسەرانی کورد ڕوویان کردە نووسین بە زمانی دایک و دەستیان بە بووژانەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی کرد. دڵسۆزانی کەلەپوور تا ئەو شوێنەی دەستیان پێی گەیشتووە، تۆمارە دێرینەکانیان ساغ کردووەتەوە و چاپیان کردوون. تا ئێستا پەیتا پەیتا کەسان و دەزگا تایبەتمەندەکان لەو بوارەدا هەوڵی خۆیان داوە، بەڵام ئەوەی دەبێت بکرێت، لەم سێ خاڵەدا چڕی دەکەمەوە.

یەکەم: هاوکاری و هاوئاهەنگی هەموو پسپۆڕان و دەزگاکانی ئەرشیڤکردن و لایەنی حکوومی وەکوو وەزارەتی ڕۆشنبیری و خوێندنی باڵا کە کاربکەن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو دەستنووسانەی پێوەندییان بە کوردەوە هەیە، لە هەرکوێی جیهاندا هەبن و پاراستنیان لە ئەرشیڤخانەیەکی نەتەوەییدا.

دووەم: بە دیجیتاڵکردنی هەموو دەستنووسەکان تا بە ئاسانی بگەنە دەستی هەموو کەسێکی شارەزا.

سێیەم: نەهێشتنی هیچ قۆرخکارییەک لە هێشتنەوەی دەستنووس لە لای تاکەکەسەکان.